# سەددامی خائین

ئیبراهیم مەلازادە

چەندت لێمان کوشتو گرت
چەندت بێ گوناه قڕ کرد
چەندت بێ ئەندام کردن
چەندت شوێن بزر کردن
**دە برۆ سەدامی خائین**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێت**
چەندت زەویو زارت تێکدا
چەندت ولآت ئازار دا
چەندت ژەهر باران کرد
دەخلّو دانت ئاگر دا
**دەبرۆ سەددامی خائن**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
شار نەما تێکی نەدەی
دێ نەما کاولی نەکەی
کەس نەما نەیترسێنی
گەورەیی پێشێل نەکەی
**دەبرۆ سەددامی خائین**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
بە قەد بێ ویژدان بوونت
بێ باوەڕیو زالّ بوونت
دەستت لە کاری خوا دا
بە ناوی ئیسلام بوونت
**دە برۆ سەددامی خائین**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
کەس نەما نەی خاپێنی
سەری لێ نەشێوێنی
کەس نەما لەو ولآتە
بۆ ساتێك نەی ترسێنی
**دەبرۆ سەددامی خائین**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
بە ناوی عوروبە بوون
بانگت دا لە دژی بوون
بانگی تۆ ڕقو قین بوو
ڕێگا بوو بۆ زەلیل بوون
**دەبرۆ ئەی ڕەگەز پەرست**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
خۆت هێنایە ڕێزی خوا
بانگی سۆسیالیستیت دا
کە بووی بە عەبدی موئمین
خۆت کرد بە دەمراستی خوا
**دەبرۆ سەددامی خائین**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ**
چەندت کۆمەڵ بە دوا خست
ڕێگای پێشکەوتنت گرت
هێندەش ڕوناکیت ڕاو نا
زولّمو زۆریت بەرپا کرد

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

**دەبرۆ سەددامی خائین**
**مۆسکۆ نیوە ڕێیەت بێ**
شەڕ هەموو وابەستە پێت
تاریکو وێرانە ڕێت
لە مێژوودا بێ وێنەی
ئەی مرۆڤ کوژی کرێت
**دەبرۆ خائینی بەدکار**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێت**
ئەنفالت کرد گەلی کورد
شارو دێت لێ وێران کرد
دڵت هەر ئاوی نەخوارد
کیمیا بارانیشت کرد
**دەبرۆ ئەی فاشیستی بەد**
**مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێت**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت